# مردووەکانیش دەدوێن

سالار ئیسماعیل سەمین
(خورماتوو)

ڕۆژ بەقەد باڵای کچێکی سەرەڕۆ مابوو کە لەنێو کەلەبەری دیوارە ڕووخاوەکانی شاری لە خەم ئاوسبوودا ئابڕووی نەتکابێ و پتر لەنیو سەدەیە کە بەدەستی کۆرسی خەنجەر بەدەستانی وەرزی خوێنەوە ونجڕ ونجڕ کرابێ.

میلی گۆڕەکەت سەوزێکی کاڵ بوو. ڕەشێکی قەترانی بوو. پرتەقاڵییەکی نارنجی بوو. خەنەییەکی ئاچووغ بوو. خڕنوکییەکی بیابانی بوو.

شینێکی ئاسمانی بوو. مۆرێکی تۆخ بوو. گۆڕەکەت بێ میل بوو!

بەڵام هەموو ڕەنگەکانی لەخۆ گرتبوو. شەوانە میلی گۆڕەکەت دەبوو بە مەشخەڵان و ڕووناکی دەبەخشییە هەموو میلەکان و گۆڕەپانی گۆڕستانەکە. ئەو شەوە مانگ گیراو تاریکییەکی ئەنگوستە چاو پەلوپۆی هاویشتە سەر هەموو شوێنێکی گۆڕستانەکە.

گەردەلوولێکی پڕ لە تەپوتۆز لە هەموو سووچێکی گۆڕستانەکەوە لە دایک بوو. بەدەم تەوژم و هێزی گەردەلوولەکەوە بەسەدان کێلّی قەبر بەلادا کەوتن. کێڵی قەبرەکەی تۆش تا دەهات بەرزتر دەبۆوە. بەقەد ڕووناکی ڕۆژ، ڕووناکی بەگۆڕستانەکە دەبەخشی.

مردووەکان هەریەکەو لە شوێنەکەی خۆیانەوە سەریان بەرز دەکردەوە زمانیان دووبست دەردەهێنا. بەهەزاران زمان وەک منداڵی تازە لە دایکبوو کەوتنە جووڵە. زۆر بە ئاستەم و لەسەرخۆ بەنێو کەللەسەرو زمانەکاندا دەگەڕای. کەوتیتە نێو بازنەیەکی داخراو لە زمان. تەماشای هەندێ لە زمانەکانت دەکردو پێ دەکەنیت. لە بازنەکە ڕزگاربووی. چەند هەنگاوێک لەولاوە کۆمەڵێک زمانی تر ڕایانگرتی. ئەم جارەیان دەستت بەگریان کرد.

هەندێک لە مردووەکان. دەست و پێیان لە پابەندو



زنجیردابوون.

بەشێکی تریان سەرقاڵی تەنەکە لێدان بوون. بۆ ئەوەی مانگەشەوەکە لەنێو قەپاڵی ئەو نەهەنگەدا وەدەربێنن. لەنێو کەڵبەی ئەو نەهەنگە بێ بەزەییەدا. خوێنی ئاڵی مانگی بێچارە دادەچۆڕا.

تۆش بەنێو هەزاران زمان و کەللەسەردا هەنگاوەکانت دەپێچایەوە.

چەند هەنگاوێک لە گۆڕەکەی خۆت بەولاوە. زمانێک لەنێو دەمی کەللە سەرێکدا. پتر لە چوار بست درێژبوو. بەشێوەیەکی شێتانە بۆ مردووەکان دەدوان:

ئەو ڕۆژە پاش داکردنی بارانە سوورەکە بەدوو کاتژمێر.

لە کۆڵانەکانی شاری لە خەم ئاوس بوو. خەڵکانێکی زۆر وەک قەرەجە بێ جێیەکان. بەرەو تونێڵە تاریکەکانی زەمەنی سەخت لەبەرد دەدران. هەردوو چاویان شەتەک دابووم.

ئەو پێپلکانەم دەژمارد کە بەرەو خوار دایان دەگرتم. پاش هەشتا و چوار پێپلکە لە بنی دەهلیزێکدا ڕایان گرتم. چاوەکانیان کردمەوە. سەرووی دەروازەی دەهلیزەکە. ڕووناکییەکی کزی بەینی دەهلیزەکە- دەبەخشی لە هەموو گۆشەیەکی دەهلیزەکەوە بۆنی خوێن دەهات- لە سووچێکدا گۆشەگیربووم. بە توندی ئەژنۆکانم لە ئامێز گرتبوون. تەماشایەکی ڕاست و چەپی دیوارەکەم دەکرد. کە پاڵم پێوەدابوو چەند پلاپس و دەرنەفیس و سۆندە و حەیزەران و قامچی سێ پەلم بینی. قامچی سێ پەلەکە ئەو ڕۆژانەی خستمەوە یاد کە لە خۆپیشاندانێکدا بەسەر «جسر الاحرار»وە لە بەغدا بەبۆنەی پەیمانی «پۆرتسمۆس»ەوە گیرام. ئێستاش جێی ئەو قامچییە سێ پەلەیە بەناو شانمەوەیە. هەر لەوکاتەدا هەستی ئەوەم کرد یەکێک لە پێپلکانەکانەوە دێتە خوار. زۆری پێ نەچوو دوو جەللاد لەبەردەممدا ڕاوەستان. جارێکی تر چاوەکانم و هەردوو قۆڵیان بەتوندی شەتەک دام. بە تووکە سەر بەرزیان کردمەوە. ڕاوەستام. ئەوکاتەی هەستم کرد بەتوندی نێزەیەک بەژێر چەنەمدا چەقێندرا. هاوارم کرد:

- بێ تاوانم.. من لە مێژە مردووم. تەنیا زارم دەدوێ.

دەک ڕووتان ڕەش بێ مێژوونووسە ترسنۆکەکان، ئەگەر ئەم تاوانانە تۆمار نەکەن.

هەستم کرد شیلەیەکی گەرم بەگرییی ملمدا بەرەو خوار ڕێچکەی بەست نێو دەهلیزەکە تا دەهات کپتر دەبوو. بەموعجیزەیەکی ئاسمانی هەردوو چاوو هەردوو دەستم کرایەوە. ئەوان بە قالدرمەکاندا سەرکەوتن و لە دەروازەی سەرەوەی دەهلیزەکەوە. بەپێکەنینێکی پڕ لە قاقا. بێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ دەسەڵاتی ئاسمان بکەن. دەهلیزەکەیان بەجێ هێشت.

تۆش پتر لە پەنجا مەترێک لە گۆڕەکەی خۆت دوورکەوتبوویتەوە.

گەردەلوولە بەتەوژمەکە ئەمەندە بەتوندی دارکالیپتۆزەکانی ڕادەوەشاند! چەند دارێکی لە ڕیشەوە دەرهێنابوو. یەکێ لە دارەکان کەوتبووە سەر کێلی قەبرێک. کەللەسەرێک لەژێر قەوارەی دارەکەوە فرتەی کرد. بستێک زمانی دەرهێنابوو.

کە دەدوا فرمێسک بەسەر گۆناکانییەوە ڕێچکەی دەبەست بەرەو خوار:

«ڕۆژ شەش جار بەقەد باڵای ئەوکچە بەتەمەنە بەرزبوو کەمن خۆشم دەویست. هەر ئەو ڕۆژە بوو لەشاری گڕگرتووی ئەزەلیدا.

لە گۆشەی چێشتخانەیەکی سەرابیدا بەسەر دوو کورسییەوە دانیشتبووین. ئەو ڕۆژە، یەکەمن ژوان بوو. لەنێوان منی قەلەندەرو ئەوی قەلەندەردا. من ئێستا مردووم لەگەڵ ڕووخانی کێلی قەبرەکەمدا.

ڕۆحە سەرابییەکەمە بۆتان دەدوێ. لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا. سەوڵکێشێکی بەتواناوبووم لەنێو دەریای پڕ لە عیشق و ئەویندا. هەموو ڕۆژێک لە شارێکی سنوور سیای لە خەم ئاوسبوودا بەسەر کۆڵانێکی تەنگەبەردا چاوەڕوان بووم لە قوتابخانە بگەڕێتەوە. ئەوکاتەی باڵەفڕ بوو، ڕۆژگاری چاوەڕوانی منی لەبیرچوو. بەسەر گومەزی کاروان سەرایەکی دوور لە بڕوا نیشتەوە.»

تۆ ئەو شوێنەت بەجێ هێشت، هەنگاوەکانی خۆت بە پەلە دەپێچایەوە بەرەو ژوورتر. ئەوکاتەی ئاوڕت دایەوە، تەماشات کرد. بەدەیان و بەسەدان و بەهەزاران و بەسەدان هەزار زمان بەدواتەوەن. ئەو زمانانەی کە لە باڵای کچە باوک ونبوویەک زۆر درێژ تربوون. وەک مارێکی ڕەشی قەسیلی دەیکیفاندو هاواری دەکرد:

من کاتی خۆی ئینسانێکی دووڕووبووم. قسەی ئەمم بۆ ئەو دەبرد. چەندان جار لەگەڵ ئامۆزاکەی خۆمدا

دەخـەوتم. شـەوێکیـان لە ئامـێـزم گـرتبـوو. بەتوندی دەیقریشکاندو هاواری دەکرد.

نەکـەی ئابڕووم بەری. جـارجـارێکیش لە ئامـێـز گرتنەکەی پێ خۆش بوو.

لە خۆشیدا دەیوست بـبووریتەوە. لە شـەرواڵ پلیـتی و بەرەڵاییدا گـەڕەکـێکم هەراسـان کـردبـوو. لەگـەڵ داوێن پیسییەکەشمدا درۆزن بووم.

ئـەوکـــاتـەی لە دواپـێــــچـی ڕێچکـەی ڕێگـەی گۆڕستانەکەوە. بەرەو دەرگا سەرەکییەکە دەڕۆیشتییت. ئەتوبست ڕزگـارت بێت، ڕووبەڕووی زمـانێکی یەک گـەزی دووپەل بوویتـەوە. کە لەنێـو دەمی کـەللەسـەرێکی چاو خێل و خلیچ و لچ شۆڕدا وەدەرکەوت. وەک ڕەشمار دەیکیفاند:

– نەڕۆی- مـن کـاتی خـۆی بەسـەرۆکی هەتیـوبازانی شـاری لە خـەم ئاوسـبـوو. نازناوم دەرکـردبوو. ئەو ڕۆژەی ئەگـەر لەگـەڵ دوو هەتیـودا ڕامنەبواردایە، هەسـتم دەکـرد ئەو دنیـایە لەبەرچاومـدا نغـرۆبووە. کـاتی منداڵی خۆم هاتەوە یاد. سـەرەتای مـانگی خـاکـەلێـوەبوو. دەمـەو ئێوارە. پانتـۆڵێکی ڕەشی تەسک و کراسێکی هەناریت لەبەردابوو. بەپاڵ دیوارە ڕووخـاوەکـانی باخـەکـەدا ڕێت دەکرد. بەدەنگێکی شێتانە هاوارم کرد:

– ئەمـڕۆ ڕزگـاربوونت نیـیـە ئەبێ لە گـەڵتـا ڕابوێرم. بەسەر ئەوەشەوە یەکێ لە سیخوڕە هەرە بڕواپێکراوەکانی پیـــاوانی وەرزی خـــوێن بووم. لەمل شکاندندا بێ هاوتابووم.

زمـانە ڕەشـمـارەکـە هەرچەند هەنگاوێکی مـابوو بتگاتێ.

تۆ بەشـێـوەیەکی سـەرسـوڕهێنەرو بەپەلە دەرگـای گۆڕستانەکەت بەجێ هێشت. کاتێک گەیشتیـتە نێو شار تەماشات کـرد دانشـتوانی شاریش هەموویان مردوون و دووبست زمانیان دەرهێناوە.